Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.01 21:17:10 +01'00'

# وتارەکەی سەرۆک بارزانی... وریایی لەپێناو پشوودا

**بەختیار شاخی**
**bshakhy@hotmail.com**

ئێستا تەنهاکانی وریابوونە، بۆ ڕەوینەوەی نیگەرانی لە بارەی داهاتوومان، بۆ لە دەست نەچوونی دەرفەتی حەسانەوە با وریابین. ئەوە خواستی شەهیدانمانە، بەڵام ئێمەی زیندوو چی دەکەین؟ لایەکی جەستەمان لەپێناو پاشقوڵ گرتن لەلایەکی تر چی ناکات؟ ئەم خەوە کوشندەیە چییە ویژدانی ڕۆشنبیرانی ئێمەی نوقمی خۆی کردووە؟ کوردستان لەسەر دووڕیانێکە و هەموومان لە پێکەنین و گریانەکانی نەوەی داهاتوو بەرپرسین، ئەمە چارەنووسسازترین دەرفەتە کە بۆ کورد ڕەخسا بێت، ئیدی دەستی دەستی کردن و مەرایی کردنی بێ مانای ئەم عەشیرەت و ئەو لایەن لە پێناو دەسکەوتی تاک لایەنی چیمان بۆ دێنێ؟ مەگەر ئەو داهاتووەی دێ تەنها بۆ لایەنێکە کەوا لایەنێکی تر بێت و بەخەم ساردییەوە نەک هەر کاری چاکی بۆ نەکا بەڵکو ژێر بەژێر پشتی تێ بکات. ئەوە خەونی هەموومانە کە پێناسەی ئێمە لە عێراقی نوێدا چی دەبێت.

ئەو نیگەرانییە نابێ تەنها خەمی کەسێک بێت، ئەو زەنگەی بۆ وریایی لێ دەرێ بۆ ئەوە نییە شانی پێ هەڵتەکێنین، بەڵکو بۆ جوڵاندنی مێشک و بیرمانە، ئەو زەنگەی سەرۆک بارزانی لە وتارەکەیدا لە ڕۆژی ١٨/١٢/٢٠٠٣ لە ڕۆژنامەی خەبات بۆ وەئاگاهاتنەوەی ئێمە لێیدا زەنگی بەرەبەیانێکی چارەنووسسازە کە ئەگەر وریا نەبینەوە ڕەنگە بێ توێشوو ڕووبەڕووی ڕۆژێکی سەخت ببینەوە. ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆک بارزانی گرنگییەکی مێژوویییە لە پێناو وەئاگاهێنانەوەی گەلی کورد بەگشتی و سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی دوا نەکەوین و خەڵکی تر بەبێ ئێمە هەموو شتێک دانەڕێژن. ئەو زەنگە بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ئەوانەیە کە باریکە ڕێی خزمەتی تایبەتی خۆیان گرتووە تا بێنەوە سەر شاڕێی گەل و هێزی داوای کورد برەو پێ بدەن و لە پەنجەرەی بچووکی ڕێککەوتن و پەیمانی ژێر بەژێر لەگەڵ ئەملا و ئەولا نەڕواننە داهاتووی خۆیان، بەڵکو بێن و لە داهاتووی ڕۆشنی کورددا خۆیان بدۆزنەوە. دەبێ ئێمە بەر لە هەمووان هەوڵ بدەین باوەڕ بەخۆمان و سەرجەم هاوولاتیانی عێراق بێنین کە نابێ جارێکی تر بگوترێ «عێراق بەشێکە لە نەتەوە و نیشتمانی عەرەب» ، دەبێ بگەنە ئەو ڕاستییەی کورد کەمینە نییە و ولاتێکی هەیە ناوی کوردستانە، ئەگەر بەوە قایل دەبن لە چوارچێوەی فیدرالیەتی جوگرافی و نەتەوەییدا ببینە شەریک لە دروستکردنی عیراقی داهاتوودا ئەوە باشە، ئەگەرنا هەرکەسەو لە ماڵی خۆی، ئێمە چیدی ئامادەنین بەدەست ئازارەکانی ئەوانەوە بناڵێنین، سنوورمان دیارە، گەلمان دیارە، دەسەلاتیشمان دیارە، ئەو سێ بنەمایەش کۆڵەکەی پێکهێنانی دەوڵەتن، ئێمە تەنها خەمێکمان هەیە ئەویش لاڕێ بوونی ئەوانەیە کە هێشتا وەئاگا نەهاتوون، لەوەشدا ئەرکی ڕۆشنبیرانە بەویژدانەوە هەڵوێست وەربگرن، خەمی بارزانی خەمی هەمووانە، با ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەین، چونکە ئەمە دەرفەتی هەڵسەنگاندن و تاقی کردنەوەی سەرجەم دروشمەکانە، ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی لەت لەت کراودا چاوی لە وەفاداری و ڕاستگۆیی ئێمەیە، نابێ نائومید بکرێ.